# ڕێپۆرتاژی خۆپیشاندانی جیهانی لە دژی جەنگ و داگیرکاری!

ئازاد ئارمان
azadarman@hotmail.com




لەندەن

لە 18ی مارس سەدەن هەزار کەس رژانە سەر شەقامەکان، لە شارو شارۆچکەکان لە سەرتاسەری جیهان (لە ئەوروپاوە بۆ ئەمەریکا لە ئوسترالیاوە بۆ ڕۆژهەلاَتی ناوەراست) ، لە یادی تێپەربوونی 3 ساڵ بە سەر داگیرکردنی عێراق.

خۆپیشاندەران داواکاری دەست بەجێ ی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بوون لە عێراق دا.

لە بەریتانیا ئەم خۆپیشاندانە لە لایەن "هاوپەیمانی راگرتنی جەنگ" **Stop the war coalition**ڕێکخرابوو، کە چەندین وێنەو دروشمی جۆر بە جۆریان هەڵ گرتبوو کە دیارترین یان ئەمانە بوون: "تیرۆریزمی یەکەم لە جیهاندا جۆرج بوشە"، "ئاشتی نافرۆشین"، " کۆتایی بێت داگیرکاری" "تۆنی بلێرە دەبێت بڕوات" چەندانی تر.... هەروەها چەندین وتافی جۆر بە جۆریان دەگوتەوە لە دژی تونی بلێرە و جۆرج بوش، لەوانە: "جۆرج بوش ئێمە دەزانین، ئەی خۆت باوکیشت مرۆڤ کوژە".




لەندەن

یەکێک لە قسەکارانی خۆپیشاندانەکە و بنیاتنەری **" Stop The War Coalition"** www.stopwar.org.uk جۆن ڕیس گوتی: ئێمە دوو داواکاریمان هەیە، یەکەم کێشانەوەی دەست بەجێ ی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراقدا. دووەم راکێشانی رای گشتی لە سەر پەیوەست نەبوونیان بە سیاسەتی ئەمریکی بۆ هێرش بۆ سەر ئێران.

تۆنی بین یەکێک لە هەلسووڕاوانی دیاری دژی جەنگ و ئەندام پارلەمانی پێشوو لە بەشێک لە قسەکانی دا گوتی: گرنگ ترین شت ئەوەیە خەلکی جیاواز بەشداری یان کردووە لەم خۆپیشاندانە. موسلمان، جولەکە، مەسیحی، رەش، سپی... ئەوەی ئەوان دەڵێن شەڕی ئایینی یە راست نی یە.

لە ئەمریکا – لە چەندین شاردا دەیان هەزار کەس دەستیان دایە خۆپیشاندان لە پێناوی هەمان مەبەست. کە مەبەستیان ڕیسواکردنی دەوڵەتی بوش بوو، هەروەها داواکاری کێشانەوەی دەست بە جێ ی هێزەکانی ئەمریکا بەریتانیا بوون لە عێراق دا. هەروەها بەهەمان شێوە لە ئیتالیا هۆڵەندە و فینلەند و نەرویج و ئەلمانیا و تورکیا و پاکستان و میسرو یابان.... هتد.

بزووتنەوەی دژی شەر لە جیهاندا جارێکی تر ئەوەیان بە شەڕەنگێزان و میدیای سەرمایەداران نیشان دا نەک ئەم بزووتنەوەیە نەفەوتاوە، بەڵکو بەردەوامە لە خەبات و تێکۆشانی خۆی تا ئەو کاتەی کۆتایی بە جەنگ و داگیرکاری دێنێت.

هەر وەکو بەرپرسی یەکەمی "هاوپەیمانی راگرتنی جەنگ" لێندسی جێرمەن لە دوای 18 ی مارس رایگەیاند و دەڵێ ( هەرچەند سیاسەتمەداران و ڕەوانبێژان لە دژی جەنگ بن، ئەوان ناتوانن جەنگ رابگرن. تەنها ئەو بزووتنەوە ڕێکخراوە دەتوانێ کە لە سەر شەقامە. خۆپیشاندانی شەمە ( 18ی مانگ) نیشانی دا کە ئێمە هێزین).






لەندەن




ئيتاليا



## پاکستان




## ئەمەریکا